# یەکخستنی یاسا و بڕیارەکان ئەرکێکی بە پەلەی کابینەی پێنجەمە



ن/ محەمەدی مشیر

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە یەکخستنی بڕیارو ڕێسا و یاساکان وەك یەکێ لە ئەرکە هەرە بە پەلەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستان دێتە پێش، کە پێویستە هەرچی زووتر لەسەروەی لیستی بەرنامەی کاری بە پەلەی کابینەی پێنجەمدا بێت .

سالآنی دوو ئیدارەیی نەك هەر زیانێکی زۆری بە دۆزو بەرژەوەندی رەوای گەلی کوردستان گەیاند بەڵکە هاوکات دوو عەقڵیەت و دوو یاسا و دوو بڕیار و دوو باری دەروونی و دوو شێوازە رەفتارو هەڵسوکەوتیشی لە بەرەنجامدا هێناوەتە ئارا کە چارەسەرکردنیان هەروا  ئاسان نییە و هەر ئەمەش راپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کابینەی پێنجەم سەخت و دژوارتر دەکات و ماندووبون و هەوڵ وکۆششی دڵسۆزانەی زیاتری گەرەکە بە تایبەت لەو بوارەی سەرەوەدا کە ئەویش بواری بڕیاری یاسایی و قانوندانانە و بە گوێرەیان ماف و ئەرکی چین و توێژیکی بەرفراوانی کارمەندو فەرمانبەرانی دەوڵەت  و هاوولاًتیان دەستنیشان دەکرێت کە رەنگە بە حوکمی سالآنی دوو ئیدارەیی ژمارەیەکی زۆری ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵگەی کوردستانی لە سنووری هەردوو ئیدارەدا بە شێوەییێکی جیاواز سوود مەند بووبن و لە وانەشە زیانمەندی ئێرە سوودمەندی ئەولابووبێت یا بە پێچەوانەوە کە ئەمەش جۆرێ لە نایەکسانی مافەکان دێنێتە ئارا و بارێکی نابەرابەری دروست کردووە کە بە یاسا نەبێت ئاستەمە چارەسەر بکرێت . ناکرێ فەرمانبەرێك لە سنووری یەکێ لە دوو ئیدارەکەدا راژەی پێشووی بە سیستەمی کۆنی راژە بۆ ئەژمار کرابێت یەکی تریش لە سنوورەکەی دیکەدا بە سیستەمی نوێ وەك فەرمانبەرێکی تازە دامەزراو مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت و سالآنی پێشتری خزمەتی بە هەدەر بچێت، هەرچەندە ئەم حاڵتە لە چوارچێوەی یەك ئیدارەشدا روویداوە و تائیستاش پێڕەو دەکرێت، لە کاتێکدا سەختی گوزەران و گرانی و کرێچیاتی و کۆمەڵێ هۆکاری ئابووری و کۆمەلأیەتی فەرمانبەر یا کارمەندی دەوڵەت ناچاردەکەن بگەڕێتەوە سەر کارەکەی پێشووی خۆی ، کە رەنگە رۆژێك لە رۆژان بە ناچاری لە بەر باری خراپی شەڕی نێوخۆ یان گەڕان بە دوای ژیانێکی باشتردا وازی هێنابێ ، مەرجیش نییە هۆکارێکی سیاسی یا حزبی لە پشتەوەی دەستبەردانەکەی بووبێت . مافی ژیان یەکێ لە مافە هەرە سروشتی و بەراییەکانی مرۆڤە و مرۆڤی

کوردستانیش - **به تایبەت چین و توێژە کەم دەرامەتەکان** – سالآنێکی دوورودرێژە بە دەست نەداری و نابەرابەری و جەورو ستەمی نەتەوەیی و نەبوونی ئاسایش و بێکاری و.... تاد، ژیانێکی کۆڵەمەرگییان بردۆتە سەر، بۆیە ئەرکی هەرە بە پەلەی کابینەی پینجەمی حکومەتی کوردستانە کە چاوێکی چارەخوازانە بە تێکرای رێساو بڕیارو یاساکاندا بخشێنێتەوە و باری گرانی ئەو جووتایەتییە قانوونییە لە سەر ئەستۆی خەڵك نەهێڵێ و پەرلەمانتارانی کوردستانیش لە جاران کاراتر مشوری بە کردەی ئەم بوارە بخۆن و لێژنەییێکی تایبەت بۆ بە دواداچوونی ئەم ئەرکانە پێکبهێنن و لە بەر سێبەرو بای تەزیوی سپلیتەکانیان هیچ شتێك نایەتە بەرهەم تا نەیەنە مەیدان و لە نزیکەوە چاودێری باری گوزەران و بژێوی ئەو خەڵکە نەکەن کە لە سایەی دەنگی ئەوانەوە و لە پێناوی بەدیهێنانی خواستەکانی ئەوان و گەیاندنی دەنگی ئەوان لەوێن نەوەکو تەنها بۆ خودی خۆیان !!